سورەتی ال عمران ژمارەی ئایەتەکانی200 سورەتی ژمارە 3

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان)

1. الم :چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان 14 پیتە , نیوەی کۆی پیتەکانی عەرەبین , بۆ سەلماندنی ئیعجاز و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدا نیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێ وێنە دابنێت , بەڕادەیەک هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆببنەوە بۆ ئەو مەبەستە بێگومان ناتوانن , هەروەها چەندەها نهێنی تریشی تێدایە , زاناکان لە هەندێ دوان هەندێ شتیان ووتوە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە .

2. اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ : خوا زاتێکە جگە ئەو هیچ خوایەکی تر نی یە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و راگرو سەرپەرشتیاری هەموو دروستکراوەکانیەتی.

3. نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ : ئەی پێغەمبەر خوا قورئانی بۆ تۆ بەڕاست و دروست (بە چەند قۆناغێک) دابەزاندووە ، بەراست دانەری سەرجەم کتێبە پێشووەکانی پێش خۆیەتی (پێش دەسکاری کردنیان) ، هەروەها تەوراتی بۆ (موسا) و ئینجیلی بۆ (عیسا) رەوانە کردووە لە پێش قورئاندا....

4. مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِ اللّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ : لەکاتێکدا هیدایەت و ڕێنموویی بەخشی خەڵکی بوون ، هەروەها جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵی ناردە خوارەوە (کە قورئانە) ، بێگومان ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە بە ئایاتەکانی خوا ، بۆ ئەوان سزایەکی سەخت (لە دوارِۆژدا) هەیە، بێگومان خوای گەورە باڵادەستەو خاوەنی تۆڵەو سزایە (لە بێ باوەڕان).

5. إِنَّ اللّهَ لاَ يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء : بێگومان هیچ شتێک لە خوا

وون نابێت نه له زەوی و نه له ئاسماندا.

6. هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاء لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : ئەو خوایە زاتێکە نەخشەی رووخسارتان لە مندالّدانەکاندا دەکێشێت چۆن بیەوێت ، هیچ پەرستراوێکی بەراست نی یە جگە لەو خوایە و ئەو زاتە بالاّدەست و دانا و کاربەجێ یە.

7. هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ : ئەو خوایە زاتێکە که قورئانی بۆ سەر تۆ (ئەی محمد) ناردە خوارەوە ، بەشێک لە ئایەتەکانی دامەزراو و پایەدارو روون و ئاشکران ، ئەوانە بنچینەو بناغەی قورئانەکەن و هەندێکی تریشی واتای جۆراوجۆر هەلّدەگرن و بە ئاسانی نازانرێن ، جا ئەوانەی کە لە دلّیاندا لاری و لادان هەیە ، حەز لە حەق و راستی ناکەن ، ئەوانە شوێنی ئەو ئایەتانە دەکەون کە مانای جۆراوجۆرو فراوانیان هەیە ، بۆ ئەوەی فیتنەو ئاشوب و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست بکەن ، یان بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەلّەی بۆ هەلّبەستن ، لە حالّێکدا کە لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە هەر خوا خۆی بە تەواوی دەیزانێت ، جا ئەو کەسانەی کە لە زانستدا رۆچوون دەلّێن: ئێمە باوەڕی دامەزراومان بەهەر هەموو (ئەو ئایەتانە) هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشتی ئەوە ، (لە ڕاستیدا) بێجگە لە خاوەن بیر و ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن و بیرناکەنەوە (لەم قورئانە).

8. رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ : (ئەوانە دەلّێن) پەروەردگارا... دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنمووییت کردین ، دلّەکانمان لامەدە لە ڕێگەی راست و لە رەحمەت و بەخششی تایبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە ، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری.

9. رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ : پەروەردگارا بەڕاستی تۆ کۆکەرەوەی هەموو خەلّکیت لە ڕۆژێکدا کە هیچ گومانی تێدانیە،

بێگومان خوا (زاتێک نیە) کە بەلێنی خۆی نەباتە سەر...

10. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُم مِّنَ اللّهِ شَيْئًا وَأُولَـئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ : (لەو ڕۆژەدا) بەڕاستی ئەوانەی کە بێ باوەڕن هەرگیز ماڵ ومنداڵیان هیچ جۆرە بەرگریەکیان لێ ناکەن لە سزای خوا ، ئا ئەوانە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن.

11. كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ : ئەوانە داب و نەریتیان وەکو داب و نەریتی داروودەستەی فیرعەون و ئەوانەی کە پێشیان هاتوون وایە ، ئایەت و موعجیزەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانا ، خوایش ئەوانی بەهۆی گوناهو تاوانیانەوە بەتوندی سزادا و گرفتاری کردن و خوا تۆڵەسێنەرێکی بەهێز و بەزەبرە.

12. قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ : (ئەی محمد) بڵێ بەوانەی کە بڕوایان نەهێناوە : سەرئەنجام تێکدەشکێن و ژێردەست دەخرێن (لە دنیادا ، لە ڕۆژی دواییشدا) کۆ دەکرێنەوە و ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناو دۆزەخ کە ناخۆشترین جێگەیە.

13. قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَن يَشَاء إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لَّأُوْلِي الأَبْصَارِ : (ئەی محمد بەو خەڵکە بڵێ) بێگومان لەو دوو دەستەیەی کە لە (جەنگی بەدردا) ڕوو بە ڕووی یەکتر وەستان نیشانەو پەندێکی گەورە بوو بۆتان ، دەستەیەکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگان ، دەستەکەی تریان بێ باوەڕ بوون ، ئیمانداران لەبەر چاوی ئەواندا دوو ئەوەندەیان دەنواند (لە مەیدانی جەنگدا بەچاوی بینایی و بینین) ، (خوا فریشتەیشی دابەزاند بۆ یارمەتی ئیمانداران) ، خوا پشتگیری (هەر دەستەیەک)و هەر کەسێک بیەوێت دەیکات، بەڕاستی ئا لەو یارمەتیەدا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی کە بینایی خۆیان بەکاردەهێنن و بەوردیی بیر دەکەنەوە (کە چۆن کۆمەڵێکی کەم زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا).

14. زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ

وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ : ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینەو خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕو زیووی زۆرو زەبەندە و ئەسپی چاک و رەسەن و (هۆکانی هاتووچۆ) هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی رازێنراوەتەوە ، ئەوانە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دنیان ، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوەو خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە (کە بەهەشتە).

15. قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ : (ئەی محمد بەو خەڵکە) بڵێ: ئایا هەواڵی چاکتر لەو نازو نیعمەتانەتان پێ رابگەیەنم؟! (ئەویش ئەمەیە کە): بۆ ئەوانەی پارێزکارو خواناسن، لای پەروەردگاریان باخەکانی بەهەشت ئامادەیە بۆیان کە: چەندەها رووبار بە ژێر درەختەکانیداو بەبەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوە لەگەڵ هاوسەرانی پاکیزەدا و بەدەم هەست کردنی بەردەوام بەڕەزامەندیی پەروەردگاری ئازیز، بێگومان ئەو خوایە بینایە بەبەندەکانی.

16. الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ : ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارا، بەڕاستی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە ، دە لە گوناهەکانمان خۆش ببە و لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.

17. الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ : (جا ئەو ئیماندارانە ، ئەمە سیفەتیانە) خۆگرو ئارامگرن (لەبەرامبەر ناسۆر و ناخۆشیەکانی ژیانەوە) ، راستگۆو خواپەرستن، ماڵ و سامان دەبەخشن و ، لە بەرەبەیانەکاندا داوای لێخۆشبوون (لە پەروەردگاریان دەکەن چونکە واهەست دەکەن کە وەک پێویست خواپەرستیان نەکردووە).

18. شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : خوای گەورە (لە ڕێگەی دروست کراوانیەوە ، کە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت) خۆی شایەتی داوە و دەریخستووە و سەلماندویەتی کە بەراستی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نی یە کە شایانی پەرستن بێت ، هەروەها

فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش (لە پێغەمبەران و زانایان) کە بەڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە داد پەروەری ڕەهایە و جگە لەوزاتە خوایەکی تر نیە و ئەو خوایەکی باڵادەست و دانایە.

19. إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ : بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە ، ئەوانەش کە کتێبە (ئاسمانیەکانیان) دراوەتێ ، جیاوازیان لە نێواندا پەیدا نەبووە مەگەر لە دوای ئەوەی زانستی و زانیاری تەواویان بۆ هاتووە (دەربارەی ڕاستی محمد و ئیسلام) ، ئەمەش بەهۆی دنیاپەرستی و حەسوودیی و ستەم کردنیان لە نێو خۆیان (چونکە رازی نەبوون بە پێغەمبەرێک لە غەیری خۆیان) ، جا ئەوەی باوەڕی بە فەرمان و ئایەتەکانی خوا نەبێت ، ئەوە بێگومان خوا بەخێرایی حسابی خۆی دەکات لەگەڵیاندا (هەر زوو بەدۆزەخیان دەگەیەنێت).

20. فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ : خۆ ئەگەر موجادەلە و گفتوگۆی سەختیان لەگەڵدا کردیت، ئەی محمد تۆش بڵێ: من و ئەوانەی کە شوێنم کەوتوون ڕوومان کردۆتە خواو تەنها ملکەچی ئەوین، بەوانەی کە کتێبیان پێدراوە و ئەوانەش نەخوێندەوارن لە (موشریکانی عەرەب) بڵێ: ئایا ئێوە تەسلیم بوون بەخواو موسوڵمانبوون؟ خۆ ئەگەر تەسلیم بوون ، ئەوە مانای وایە بەڕاستی ئەوە هیدایەتیان وەرگرتووە ، خۆ ئەگەر پشت هەڵکەن و باوەڕنەهێنن ، ئەوە تەنها گەیاندنی پەیامەکە لەسەرتۆیە ، خوای گەورەش بینایە بەبەندەکانی.

21. إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ الِّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ : بەڕاستی ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بەئایەت و فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرانیش بەبێ هیچ حەقێک دەکوژن و ئەو خەڵکانەش دەکوژن کە فەرمان بە دادپەروەری دەدەن، کەواتە مژدەی سزایەکی پڕ ئێشیان پێ بدە!!

22. أُولَـئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ : ئەوانە کەسانێکن کردەوەکانیان پووچ بۆتەوە لە دنیاو قیامەتدا، کەسیش نیە پشتیوانی لەوان بکات.

23. أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ : ئایا نابینی ئەو کەسانەی بەشێک لە کتێبی ئاسمانیان پێدراوە کاتێک بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبی خوا (تەورات) تا فەرمانڕەوایی بکات لە نێوانیاندا ، پاشان دەستەیەکیان پشت هەڵدەکەن و لە کاتێکدا ئەوان سەرپێچیکەرن.

24. ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ : بۆیەش (وادەکەن) چونکە بەراستی ئەوان دەیانووت: هەرگیز ئاگری دۆزەخ چەند رۆژێکی کەم نەبێت بەر لەشمان ناکەوێت و ئەوەی لە ئاینەکەیاندا بۆ خۆیان هەڵبەستبوو ، سەری لێ شێواندن و تەفرەی دان.

25. فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ : ئاخۆ حاڵیان چۆن بێت کاتێ لەو رۆژەدا کۆیان دەکەینەوە کە هیچ گومانێک لە هاتنیدا نیە و هەموو کەس پاداشتی کارو کردەوەی خۆی پێدەدرێت ، لەکاتێکدا ئەوان ستەمیان لێناکرێت.

26. قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاء وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاء وَتُعِزُّ مَن تَشَاء وَتُذِلُّ مَن تَشَاء بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : (ئەی پێغەمبەر ، ئەی ئیماندار) بڵێ: خوایە تۆ خاوەنی هەموو شتێکیت ، دەسەڵات دەبەخشیت بەهەرکەسێک بتەوێت و دەسەڵات وەردەگریتەوە لە هەر کەسێک بتەوێت هەر کەس بتەوێت باڵادەستی دەکەیت ، هەر کەسێکیش بتەوێت زەلیل و بێ دەسەڵات و ژێر دەستی دەکەیت، هەرچی خێر هەیە هەر بە دەست تۆیە ، بێگومان تۆ دەسەڵاتداری بەسەر هەموو شتێکدا.

27. تُولِجُ اللَّيْلَ فِي الْنَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ

وَتُخْرِجُ الَمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَن تَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ : شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکەیت ، ڕۆژ تێهەڵکێشی شەو دەکەیت ، زیندوو لە مردوو دەردێنیت ، مردوو لە زیندوو دەردێنیت ، رزق و ڕۆزیی بێ حساب و بێ شومار دەبەخشیت بە هەرکەس بتەوێت (کارەکانت هەر هەمووی پڕە لە حیکمەت و دانایی ، بەندەکانت سەرسام و سەر سووڕماوون لە کەماڵی تۆ).

28. لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُوْنِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللّهِ الْمَصِيرُ : نابێت ئیمانداران ، کافران بکەنە پشت و پەناو یارو یاوەری خۆیان لەجیاتی ئیمانداران ، ئەوەی کاری وا بکات ، ئەوکارەی دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ئیمانیی بەخواوە نەمێنێت ، مەگەر لەبەر ئەوەی خۆتان بە بێگومان لە شەڕیان بپارێزن و قوتاربن (ئەویش بەوەی بەدەم ڕازییان بکەن ، نەک بەدڵ و کردەوە) ، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بەسیفەتی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەتانترسێنێت (تا کاری ناڕەوای وانەکەن) ، سەرەنجام و گەڕانەوەتان هەر بۆلای خوایە.

29. قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینەتاندا جێگیرە بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن ، ئەوە خوا پێی دەزانێت، هەرچیش لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر پێی دەزانێت و خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

30. يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوَءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَاللّهُ رَؤُوفُ بِالْعِبَادِ : ڕۆژێک دێت هەمووکەس ، کاروکردەوەکانی خۆی دەبینێت ئامادە کراون بەخێرو شەڕیەوە ، تاوانبار ئاوات دەخوازێت کە لە نێوان خۆی و کردەوە خراپەکانیدا مەودایەکی دوورو درێژ هەبوایە ، خوای گەورەش بێدارتان دەکاتەوە بە سیفەتی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەتانترسێنێت (لەوەی کە کاری ناڕەوا بکەن) و خوا بەسۆز و بە بەزەییە بۆ ئەو بەندانەی (کە بەم ئاگاداریانە دڵیان رادەچڵەکێت پێش هاتنی

ئەو رۆژە).

31. قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ : (ئەی پێغەمبەر بە ئیمانداران) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن ، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت ، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

32. قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ : (دووبارە) پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بن ، خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن و پشتی تێبکەن ئەوە دڵنیابن خوا بێ باوەڕانی خۆش ناوێت.

33. إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ : بەڕاستی خوا ئادەم و نوح و نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووەو ڕێزی داوون بەسەر خەڵکی هەموو جیهاندا.

34. ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : ئەوانە نەوەیەکن یەک ڕەچەڵکن ، هەندێکیان لە هەندێکی تریان بوون ، خوا خۆی بیسەرو زانایە (چاک دەیزانی کە شایستەن بۆ ئەو کارە پیرۆزە).

35. إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ : بەیاد بێنە) کاتێک هاوسەری عیمران وتی: پەروەردگارا ؛ بەڕاستی من بڕیارم داوەو نەزرم کردووە ئەو منداڵەی لە سکمدایە ئازاد کراوبێت لە هەموو ئەرک و ئیش و کارێک (تا هەر لە خزمەتی بیت المقدس دا بێت) دە تۆش لێم وەربگرە ، چونکە بەڕاستی تۆ خوایەکی بیسەرو زانایت.

36. فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ : بەڵام کاتێک منداڵەکەی بوو (بە دڵشکاویەوە) وتی: پەروەردگارا خۆمن کچم بوو ، بێگومان خوا خۆی چاک دەزانێت کە چی بووە ، (خۆ ئاشکرایە) کوڕیش وەکو کچ نی

یە (لەگەڵێ رووەوە و هەریەکە ئەرک و فرمانی خۆی هەیە ، ئەوەی بە ئافرەت دەکرێت بەپیاو ناکرێت ، بەپێچەوانەشەوە ، ژن و پیاو تەواوکاری یەکترن و هیچیان لای خوا کەم رێزنین ئەرکی خزمەتکاری بیت المقدسیش بەو ناکرێت) ، منیش بەراستی ناوم نا مەریەم و من ئەیپارێزم بەتۆ خۆی و وەچەکەی لە شەیتانی رەجم کراو.

37. فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَـذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ : ئینجا پەروەردگاری بەشێوەیەکی جوان و پەسەند مەریەمی وەرگرت ، زۆر بەجوانی پێی گەیاند ، زەکەریای کردە مامۆستاو سەرپەرشتی (کە هەم خزم و هەم پێغەمبەر بوو ، تا بەچاکی دینداریی فێر بکات ، پاشان کە مەریەم گەورە بوو) هەرکاتێک زەکەریا دەچوو بۆ سەردانی لە شوێنی خواپەرستیەکەیدا دەیبینی رزق و رۆزیی و نازو نیعمەتی جۆراوجۆری لایە ، زەکەریا : وتی ئەی مەریەم ئەم هەموو رزق و رۆزییەت لەکوێ بوو؟!، مەریەم لە وەلامیدا وتی : ئەوە لە لایەن خواوەیە ، ئەو بۆم دەنێرێت ، بەراستی خوا بە هەر کەس بیەوێت رزق و رۆزیی بێ سنوورو بێ هۆکار دەبەخشێت.

38. هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاء : ئا لەو کات و شوێنەدا ، زەکەریا هانا و نزای بۆ پەروەردگاری لێ بەرز بۆوە و وتی: پەروەرگارا نەوەی چاک و پاکم پێ ببەخشە ، بەراستی تۆ بیسەری دوعا و نزایت.

39. فَنَادَتْهُ الْمَلآئِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَـى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ الصَّالِحِينَ : جا یەکسەر فریشتە جبرئیل بانگی کرد لەکاتێکدا زەکەریا لە محرابەکەدا وەستا بوو ، نوێژی دەکرد ، (وتی) بەراستی خوای گەورە مژدەت دەداتێ بە بەخشینی کوڕێک ناوی یەحیایە ، بەراستدانەری فەرمانی تایبەتی خوایە و گەورە و رێزدارە و خۆپارێزە لە گوناهان و پێغەمبەرێکە لە چاکان.

40. قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلاَمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللّهُ

يَفْعَلُ مَا يَشَاء : زەكەریا وتی : پەروەردگارا ؛ ئاخۆ چۆن منداڵم پێ دەبەخشیت خۆ من پیری تەنگی پێ هەڵچنیووم ، هاوسەرەكەشم سک ناكات ، خوای گەورەش فەرمووی : كاری خوا هەر ئاوایە و هەر چیەكی بوێت ، دەیكات.

41. قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّيَ آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ إِلاَّ رَمْزًا وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالإِبْكَارِ : ئینجا زەكەریا وتی : پەروەردگارا نیشانەیەكم بۆ دیاری بكە تا دڵنیا بم كە خێزانم سكی بووە ، خوای گەورە فەرمووی : نیشانەكەت ئەوەیە كە توانای قسە كردنت تا سێ رۆژ لەگەڵ خەڵكیدا نابێت (زمانت دەبەسترێت) مەگەر بە ئیشارەت و ئاماژە نەبێت ، تۆش زۆر یادی پەروەردگارت و تەسبیحات و ستایشی بكە بەتایبەتی لە دەمە و ئێوارە و بەرەبەیاندا.

42. وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ : (هەروەها یادیان بهێنە كاتێک) جبریلی فریشتە وتی : ئەی مەریەم بەراستی خوا تۆی هەڵبژاردوە و خاوێن و پاكیزەی كردویت ، هەڵی بژاردویت و رێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا.

43. يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ : ئەی مەریەم ملكەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە ، سوژدە و كڕنووشی بۆ ببە لەگەڵ كڕنووشبەراندا.

44. ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُون أَقْلاَمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ : ئەوشتانەی باسكران چەند هەواڵێک بوون لە غەیبەوە ، ئێمە لەڕێگەی (وەحی) و سروشەوە بەتۆی دەگەیەنین ، خۆ تۆ (ئەی محمد) لەوێ نەبوویت كاتێک پێنوسەكانیان هەڵئەدایە (ئاوەوە ، پێنوسی كێ سەركەوت و ئاو نەیبرد) ئەوەیان مەریەم پەروەردە بكات ، تۆ لەوێش نەبوویت كاتێک كێشەیان هەبوو (لەسەر ئەوەی كێ بەخێوی بكات).

45. إِذْ قَالَتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ : (هەروەها یادیان بهێنە) كاتێک

فریشتەکە بە مەریەمی وت : ئەی مەریەم بەراستی خوا مژدەت دەداتێ : بە وشەیەکی خۆی (کە فرمانی ـ کن فیکون ـ ە ، رۆڵیەکت پێ ببەخشێت) کە ناوی (المسیح) ە ، عیسای کوڕی مەریەمە ، کە پیاو مەقوولێ و پایە بەرزە لەم دنیادا ، لە قیامەتیشدا لە دەستەی نزیکانە (لە ئێمەوە).

46. وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ : جا عیسا لە بێشکەداو بەگەورەییش قسە دەکات بۆ خەڵکی ، لە پیاو چاکانیشە.

47. قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَلِكِ اللّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ : ئەوسا مەریەم وتی: پەروەردگارا ، جا چۆن من منداڵم دەبێت: خۆ کەس توخنم نەکەوتووە ، (جوبرەئیل فەرمووی): ویست و فەرمانی خوا هەروایە و چی بوێت ، دروستی دەکات ، هەر کاتێک شتێکی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە ، دەستبەجێ دەبێت.

48. وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ : هەروەها خوای گەورە فێری کتێب و نووسین و دانایی و تەورات و ئینجیلی دەکات.

49. وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ وَأُبْرِىءُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِـــي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ : (لە ئایندەدا رایدەگەیەنێت) بەنەوەی ئیسرائیل کە من پێغەمبەرێکم ، بۆ لای ئێوە رەوانەکراوم ، بەڵگە و نیشانەیەکیشم پێ یە لە لایەن پەروەردگارتانەوە ، (ئەویش ئەمەیە کە): من لە قوڕ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم ، ئینجا فووی پێدا دەکەم ، بەفرمانی خوا یەکسەر ، دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو و کوێری زکماک و نەخۆشی بەڵەکی چاک دەکەمەوە بەویستی خوا و مردووانیش زیندوو دەکەمەوە بەفرمانی خوا و هەواڵی ئەو شتانەی کە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لە ماڵەکانتاندا پێتان رادەگەینم ، بەراستی لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە بۆتان ئەگەر ئیماندارن.

50. وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ

وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ : هەروەها بەراستدانەری ئەو تەوراتەم
کە لەبەر دەستمدایە ، هاتووم بۆ ئەوەی هەندێک لەو شتانەی لەسەرتان
حەرامکراوە (بەفەرمانی خوا) حەڵاڵی بکەم و بەڵگەشم بۆ هێناون لەلایەن
پەروەردگارتانەوە (لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیم) کەواتە لە خوا بترسن و
فەرمانبەرداری من بن و بە قسەم بکەن.

51. إِنَّ اللّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَـذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ : بەراستی هەر خوا
پەروەردگاری منیش و ئێوەشە ، کەواتە تەنها ئەو بپەرستن و ملکەچی ئەو بن ،
ئەمەیە رێبازی راست و دروست.

52. فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ
أَنصَارُ اللّهِ آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ : جا کاتێک عیسا هەستی بە کوفرو بێ
دینی ئەوانە کرد وتی : کێ پشتیوانمە بۆ لای خوا ، (کێ دێت تا پێکەوە بەرنامەی
خوا بگەیەنین) ، حەوارییەکان وتیان : ئێمەین پشتیوانانی دین و ئاینی خوا ،
باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە ، تۆش شایەتی بدە کە بەراستی ئێمە موسڵمان
و ملکەچ و فەرمانبەردارین.

53. رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلَتْ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ : (ئەوسا وتیان):
پەروەردگارا ئێمە باوەڕمان هێناوە ، بەوەی داتبەزاندووە و ڕەوانەت کردووە ،
شوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەشتین ، دە تۆیش لە ڕیزی شایەتەکانی (گەیاندنی
بەرنامەکەتدا) تۆمارمان بکە.

54. وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ : بەڵام دوژمنانی خوا) پیلانیان گێڕا
، خوایش پیلانەکانی پووچ کردنەوە ، چونکە خوا چاکترین و بەدەسەڵاترین زاتێکە
لە هەڵوەشاندنی نەخشە و پیلانی دوژمنانیدا.

55. إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ
وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ
بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ : بەیادیان بهێنە) کاتێک خوا فەرمووی : ئەی عیسا
من (بەشێوەیەکی ئاسایی) تۆ دەمرێنم پاشان تۆ پایەدارو بەرزو بڵند دەکەمەوە لای

خۆم، له دهستی ناپاكی ئهوانهى كه بێ باوهڕن رزگارت دهكهم و پاك راتدهگرم و بهرزیی و بڵندیی دهبهخشم بهوانهى كه شوێنكهوتهى تۆن بهسهر كافراندا ههتا رۆژی قیامهت ، لهوهودواش گهڕانهوهتان ههر بۆلای منه ، ئهوسا دادوهریی و فهرمانڕهوایی دادپهروهرانه دهكهم له نێوانتاندا لهو شتانهدا كه كێشهتان لهسهری ههبووه و راتان دهربارهى جیاواز بووه.

56. فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ : جا ئهوانهى بێ باوهڕ بوون سزای توند و تیژیان دهدهم له دنیادا (به شكستی و سهرشۆڕیان) ، له قیامهتیشدا (به ژیانی سهختی ناو دۆزهخ) ، جا لهوێ كهسیان دهست ناكهوێت كه یاریدهدهرو پشتیوانیان بێت (له سزای من بیانپارێزێت).

57. وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ : ئهوانهش كه باوهڕیان هێناوه (به ئاینی ئیسلام) و كارو كردهوه چاكهكانیان ئهنجام داوه ، ئهوه خوا به تهواوی پاداشتیان دهداتهوه ، بهراستی خوا ستهمكارانی خۆشناوێت.

58. ذَلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الآيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ : ئهو ههواڵ و بهسهرهاتانهى كه بهسهرتدا دهیخوێنینهوه (ئهى محمد) له ئایهتهكانی خوایه و له یادو باسه پڕداناییهكانه.

59. إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ : بهراستی نموونهى دروست بوونی عیسا لهلایهن خواوه ؛ وهك نموونهى ئادهم وایه كه له خاك دروستی كرد و لهوهودوا فهرمانی داو پێی وت: ببه (به ئینسان) ئهویش بوو ، (عیسا دایكی ههبوو ، ئادهم دایك و باوكیشی نهبوو).

60. الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُن مِّن الْمُمْتَرِينَ : حهقیقهت و راستی ههر ئهوهیه لهلایهن پهروهردگارتهوهیه ، كهواته نهكهیت بچیته ریزی ئهوانهى كه گومان كاركردی ههیه لهسهریان.

61. فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَاءنَا وَأَبْنَاءكُمْ وَنِسَاءنَا وَنِسَاءكُمْ وَأَنفُسَنَا وأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَةُ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ : (دوای ئەوەی کە هەموو ئەو راستیانەت پێگەیشت دەربارەی عیسا) ، جا ئەگەر کەسانێک هەر موجادەلەیان کردوو لەسەری رۆیشتن و شتی نارەوایان دەربارەی عیسا وت ، تۆیش پێیان بڵێ : وەرن با کورانی ئێمە و کورانی ئێوە ، ئافرەتانی ئێمە و ئافرەتانی ئێوە ، خۆمان و خۆشتان بانگ بکەین و ئامادەبین (لە شوێنێکی تایبەتدا) ، پاشان لە خوا بپارێینەوە و ئینجا داوا بکەین نەفرین و لەعنەتی خوا دابباریتە سەر درۆزنەکان.

62. إِنَّ هَـذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ اللّهُ وَإِنَّ اللّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : بەڕاستی هەر ئەمەیە بەسەرهاتی راست و دروست (دەربارەی عیسا و دایکی) ، هیچ خوایەک نیە جگە لە (الله)، بێگومان ئەو (الله) یە هەر خۆی باڵادەست و دانایە.

63. فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ : (لەگەڵ ئەم هەموو بەڵگە و راستیانەدا) ئەگەر هەر روویان وەرگێڕاو پشتیان تێکرد (ئەوەبزانە ئەوانە راستیخوازنین) ، خوایش زاناو ئاگایە بەوانەی کە تۆوی تاوان و خراپە دەچێنن.

64. قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ : ئەی محمد) بڵێ : ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ رەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا (ئەویش ئەمەیە) : جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین ، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین ، هیچ لایەکمان لاەکەی ترمان (بەپیرۆز و فەرمانڕەوا دەنەنێیین) لەجیاتی ئەو زاتە و نەیپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا) سەرپێچیان کردو گوێیان پێنەدا ، ئەوە پێیان بڵێ : کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین.

65. يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنزِلَتِ التَّورَاةُ وَالإنجِيلُ إِلاَّ مِن

بَعْدِهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ : ئەی خاوەن کتێبەکان ، ئێوە بۆ لە ئیبراهیم دەدوێن و (هەریەکتان وادادەنێت کە لەسەر ئاینی ئەوە) خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئەو رەوانە کراون ، ئەوە بۆ عەقڵ و ژیریتان ناخەنەکارو تاکەی ژیرنابن؟!

66. هَاأَنتُمْ هَؤُلاء حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِ عِلمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ : ئەوە ئێوەن موجادەلەو باس و خواستان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە زانیاریتان دەربارەی هەبوو.. کەوابوو بۆچی دەم لەو شتانەشەوە دەدەن کە هیچ زانیاریتان دەربارەی نی یە؟ دیارە هەر خوا ئەو شتانە دەزانێت ، ئێوە نایزانن.

67. مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ : ئاشکرایە) کە ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نە گاور ، بەڵکو ملکەچ و فەرمانبەردارو موسوڵمان بووە و لە دەستەی موشریک و هاوەڵگەران نەبووە.

68. إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَـذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَاللّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ: (نزیکترین کەس لە ئیبراهیمەوە : ئەو کەسانەن کە لە سەردەمی خۆیدا شوێنی کەوتبوون ، هەروەها ئەم پێغەمبەرەش و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە (بە پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم و موسا و عیسا و محمد و هەموو پێغەمبەران بەگشتی علیهم السلام) ، بێگومان خوا یارو یاوەری ئیماندارانە.

69. وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ: دەستەیەک لەخاوەن کتێبەکان ئاواتەخوازن و (لە هەوڵدان) کە گومڕاتان بکەن ، لە کاتێکدا ئەوانە هەر خۆیان گومڕا دەکەن و هەستیشی پێناکەن و (خۆیان دەخەڵەتێنن).

70. يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ : ئەی خاوەن کتێبەکان بۆ بڕواتان نی یە بەئایەتەکانی خوا (کە هەمووی بەڵگەن لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی محمد) لەکاتێکدا ئێوە بەئاشکرا (نیشانەی پێغەمبەرایەتی ئەو دەبینن (لە کتێبەکانتاندا).

71. يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ : ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی بەرگی بەتاڵ و ناحەقی دەکەن بەبەری حەق و راستیداو حەق و راستی دەشارنەوە ، لەکاتێکدا خۆتان چاک دەزانن (کە حەق و راستی کامەیە).

72. وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُواْ بِالَّذِيَ أُنزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُواْ آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ : دەستەیەک لە خاوەن کتێبەکان (جووەکان) وتیان بەتاقمێکیان: ئێوە لە سەرەتای ڕۆژدا (بەدرۆوە) ئیمان و باوەڕبهێنن بەو (قورئانەی) بۆ ئیمانداران رەوانە کراوە ، بەڵام لەکۆتایی ڕۆژداو دەمەو ئێوارە پەشیمان ببنەوە (تا دوودڵی و گومانیان تێدا دروست ببێت) بۆ ئەوەی پاشگەز ببنەوە.

73. وَلاَ تُؤْمِنُواْ إِلاَّ لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ الْهُدَى هُدَى اللّهِ أَن يُؤْتَى أَحَدٌ مِّثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ : (هەروەها دەڵێن) : بڕوا مەکەن و متمانە مەکەن بەکەس جگە بەو کەسانەی کە شوێنی ئاینی ئێوە کەوتوون! (ئەی محمد پێیان) بڵێ: کە بەڕاستی هەر هیدایەت و ڕێنمووپی خوایی هیدایەت و ڕێنموپی یە ، (کەچی جووەکان بەیەکتر دەڵێن) : دان بەوەدا مەنێن کە کەس وەکو ئێوەی پێبەخشراوە ، باسی (تەورات و دواهەمین پێغەمبەریش مەکەن)!! تا لای پەروەردگارتان (سبەی لە قیامەتدا) قسەیان زاڵ نەبێت بەسەرتاندا!! (ئەی محمد تۆش) بڵێ : بەراستی هەرچی رێزو بەخشش و فەزڵ هەیە بەدەست خوایەو دەیبەخشێت بەو کەسانەی کە دەیەوێت و (شایستەن) و خوا فراوانگیرو زانایە.

74. يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ : ئەو خوایە رەحمەت و میهرەبانی خۆی تایبەت دەکات بۆ هەر کەسێک بیەوێت و (شایستە بێت) و خوا خاوەنی رێزو بەخشش و فەزڵی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە.

75. وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ

وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ : له شوێنكەوتووانی كتێبە ئاسمانیەكان كەسانێک هەن ئەگەر ماڵ و دارایيەكی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت (هەر كاتێک داوای بكەیت) بۆت دەگێڕێتەوە بەتەواویی ، هەشیانە ئەگەر دینارێكی بەئەمانەت لادابنێیت بۆت نایگێڕێتەوەمەگەر بە سەریەوە راوەستابیت و كۆڵی لێنەدەیت ، ئەوانە بۆیە وادەكەن چونكە دەڵێن : لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەوارانا (مەبەستیان موسڵمانانە) لێپرسراو نابین (ئەگەر فێڵیان لێبكەین و ماڵیان بخۆین) ، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن كە درۆ دەكەن...

.76 بَلَى مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى فَإِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ : نەخێر وانیە؛ هەر كەس ئەو پەیمانەی كە داویەتی بەخوا جێبەجێی كردبێت و خۆی پاراستبێت لە حەرام ، ئەوە بەراستی خوا پارێزكاران و دیندارانی خۆشدەوێت.

.77 إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً أُوْلَـئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ وَلاَ يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ : بەڕاستی ئەوانەی كە پەیمانی خواو سوێندەكانیان بەنرخێكی كەم دەفرۆشن (لە پلەو پایەی دنیایی، پارەوپول و سامان ، ئەڵبەتە هەرچەندە بێت هەركەمە) ئەوانە لە دوارۆژدا هیچ بەشێكیان نابێت (لە سۆزو میهرەبانی خوا) ، هەروەها لە رۆژی قیامەتدا خوا نایاندوێنێت و تەماشایان ناكات (لە چڵک و پیسی گوناه) خاوێنیان ناكات و سزای پڕ ئێش و ئازاریش بۆیان ئامادەیە.

.78 وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ: بەراستی دەستەیەكیش لەوانەی (كە لە چەند ئایەتی پێشوودا باسكران واتە جووەكان) زمانیان بادەدەن و بەجۆرێک شت دەڵێن ، گوایە (تەورات) دەخوێننەوە ، بۆ ئەوەی (ئێوە چەواشە بكەن و) وا بنوێنن كە ئەو كتێبە دەور دەكەنەوە ، لەحاڵێكدا ئەوەی دەیخوێننەوە لەو كتێبە نیە (زۆرجار) دەڵێن: ئەوەی كە دەیخوێنین هەر ئەوەیە خوا رەوانەی كردووە، لە راستیدا هەرگیز ئەوە لەلایەن خواوە نیە و بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن كە درۆ و بوختان دەكەن.

.79 مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ

عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللّهِ وَلَـــكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ : بۆ هیچ ئادەمیزاد و کەسێک نەگونجاوە کە خوا کتێبی ئاسمانی و فەرمانڕەوایی و پێغەمبەرایەتی پێبەخشێت ، لەوەودوا بەخەڵکی بڵێت: وەرن ببنە عەبد و بەندەی من لە جیاتی ئەوەی بەندە و عەبدی خوا بن ، بەڵکو (بەخەڵکیان وتووە) هەوڵ بدەن بۆ خوا بژین و لێبڕاو بن ، بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار هەوڵ بدەن ، بەوەش دەبنە خواناس و ڕەبانی کە بەرنامەی خوا فێری خەڵکی بکەن و خۆشتان بەردەوام هەوڵ بدەن فێری ببن.

80. وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ : (هیچ پێغەمبەرێک) فرمانی ئەوەی نەداوە کە فریشتەکان و پێغەمبەران بکەن بە پەروەردگار (هەرگیز کاری لەو جۆرە لەوان ناوەشێتەوە) ئایا ڕاستە فرمانی بێ باوەڕیی و کوفرتان پێ بدات دوای ئەوەی کە ئێوە موسڵمانن و ملکەچی پەروەردگارن؟!

81. وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُواْ أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ : (یادیان بێنە) کاتێک خوا پەیمانی لە یەکە یەکەی پێغەمبەران وەرگرت کاتێک کتێب و دانایی پێبەخشین بەوەی کە ئەگەر: لە ئایندەدا پێغەمبەرێکم بۆ ڕەوانە کردن و بەراستدانەری ئەوەی ئێوەش بوو ، ئەوە دەبێت باوەڕی پێ بهێنن و پشتگیری بکەن، ئینجا خوا فەرمووی : ئایا بڕیارتانداو پەیمانی منتان بەو جۆرە وەرگرت کە پێم ڕاگەیاندن؟ وتیان: بڕیارمانداو (هەروا دەکەین) ئەوسا خوا پێی فەرموون: بەشایەت بن و منیش لەگەڵتان یەکێکم لە شایەتەکان.

82. فَمَن تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَـــئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ : جا ئەوەی پشتی هەڵکردو سەرپێچی کرد دوای ئەو پەیمانە ، ئەوە ئیتر هەر ئەوانەن فاسق و گوناهکار.

83. أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ : ئایا ئەوانە بێجگە لە ئاینی خوا ئاینێکی تریان دەوێت؟! لەکاتێکدا

كه هەرچی لەئاسمانەكان و زەویدایە بە رەزامەندیی بێت یان بەناچاریی تەسلیم و ملكەچی پەروەردگارن، هەمووانیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە.

84. قُلْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ : (ئەی محمد ئەی ئیماندار) بلّێ: باوەڕمان هێناوە بەخواو بەوەی بۆمان نێرراوەتە خوارەوە و بەوەش كە نێرراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەكانی و بەوەش كە دراوە بە موساو عیساو پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازی ناكەین لەنێوان هیچ كامیانداو هەموومان تەسلیم و ملكەچی ئەو پەروەردگارەین.

85. وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ: جائەوەی بێجگە لەئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێكی تر بكات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.

86. كَيْفَ يَهْدِي اللّهُ قَوْمًا كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُواْ أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ : چۆن خوا گەلێك هیدایەت دەدات كە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا ، هەڵگەڕانەوە و كافر بوون؟ لە حاڵێكدا شایەتییان دابوو كەئەم پێغەمبەرە حەقەو چەندەها بەڵگەو نیشانەشیان بۆ هاتبوو (لەسەر راستی محمد) ، خوای گەورەش هیدایەت و رێنموویی ئەو دەستەو تاقمە ستەمكارە نادات.

87. أُوْلَـئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ : ئا ئەو ستەمكارانە پاداشت و تۆڵەیان ئەوەیە: نەفرینی خواو فریشتە و هەموو خەڵكیيان لەسەرە بەگشتی..

88. خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ : لەناو ئەو خەشم و نەفرینەدا دەمێننەوە و سزا لەسەریان سووك ناكرێت و مۆڵەتیش نادرێن.

89. إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ فَإِنَّ الله غَفُورٌ رَّحِيمٌ : مەگەر كەسانێك كە فریای خۆیان كەوتبن و تەوبەیان كردبێت لە دوای ئەو لادان و یاخیی

بوونەیان و چاکسازیشیان کردبێت ، ئەوە بەراستی خوا بۆ ئەوانە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

90. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الضَّآلُّونَ : بەڕاستی ئەوانەی دوای باوەڕ هێنانیان کافر بوون و لەوەودوا زیاتر ڕۆچوون لە کوفرو بێ دینیدا ، ئەوانە پەشیمانی و تەوبەیان هەرگیز لێ وەرناگیرێت ، ئا ئەوانە دەستەی گومڕاو سەر لێشێواوەکانن.

91. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ الأرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ أُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ : بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون و بەبێ باوەڕیی مردوون ، (ئەگەر) هەریەکەیان بتوانێت پڕ بە پڕی زەوی ئاڵتون بهێنێت و بیکات بەفیدیەی هەرگیز لێی وەرناگیرێت ، ئەوانە سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە و کەسیش نی یە پشتیوانییان لێ بکات و فریایان بکەوێت.

92. لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ : ئێوە هەرگیز ناگەنە پلەی چاکیی و چاکەکاریی هەتا لەو شتانەی کە خۆشتان دەوێت نەبەخشن، هەر شتێکیش ببەخشن ئەوەخوا ئاگاو زانایە پێی (لێی ون نابێت و بێ پاداشت نابێت).

93. كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِـلاًّ لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلاَّ مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ قُلْ فَأْتُواْ بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : هەرچی خۆراک هەیە بۆ نەوەی ئیسرائیل حەڵاڵ بوو مەگەر ئەوەی کە یەعقوب خۆی لەسەر خۆی حەرام کردبوو پێش ناردنی تەورات، پێیان بڵێ : دە ئێوە تەورات بهێنن و بیخوێننەوە ئەگەر ڕاستگۆن (دیارە کە جولەکە هەر لە خۆیانەوە دەمبازی دەکەن و قسەی ڕێکدەخەن و شت حەرامدەکەن).

94. فَمَنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ : جائیتر دوای ئەو هەموو ڕوونکردنەوانە ئەوەی بەدەم خواوە درۆ هەڵبەستێت ، ئائەوانە

هەر ستەمکارن.

95. قُلْ صَدَقَ اللّهُ فَاتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ : (ئەی پێغەمبەر پێیان) بڵێ: خوای گەورە لە هەموو فەرمایشتەکانیدا راستی فەرمووە ، کەواتە شوێنی ئاین و بەرامەی ئیبراهیم بکەون کە پاکو دروست و فەرمانبەردارە و ئەو هەرگیز لە موشریک و هاوەڵگەران نەبووە.

96. إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ : بەڕاستی یەکەم خانە و ماڵ و مەنزڵگەیەک کە بۆ خەڵکی دانرا لەسەر زەوی (بۆ خواپەرستی) ئەوەیە لە مەککەدایە ، کە پیرۆزەو هیدایەت و رێنموویی بەخشە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

97. فِيهِ آيَاتٌ بَيِّـــنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ : لەو ماڵەدا (کەعبە) نیشانە و بەڵگەی زۆر و ئاشکرا هەیە ، کە یەکێکیان شوێنی تایبەتی خواپەرستیی ئیبراهیمە ، هەروەها ئەوەی بچێتە ناوی پێویستە ئەمین و ئاسودەبێت ، لە هەموو دەستدرێژیەک ، جا خوای گەورەش بڕیاریداوە لەسەر خەڵکی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بکەن بە تەنها ئەوانەی کە توانای (دارایی و تەندروستیان) هەیە، جا ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە ، ئەوە با بزانێت بەراستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکان (پێویستی بە چاکە و پەرستنی کەس نیە).

98. قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَاللّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ : ئەی پێغەمبەر بە خاوەنانی کتێب بڵێ : بۆچی ئێوە باوەڕ ناکەن بە ئایەتەکانی خوا، خۆ خوا شایەتە لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

99. قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَاء وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ : (هەروەها) بڵێ : ئەی خاوەنانی کتێب بۆ رێدەگرن لە بڵاوبوونەوەی ئایینی خواو دەتانەوێت ئەوەی باوەڕی هێناوە رێبازی دینداری بە چەوتی بگرێت؟ لەکاتێکدا خۆتان شایەتن و چاک دەزانن (ئەوە راست نی یە و چەوتە) دڵنیاش بن کە خوا غافڵ و بێ ئاگا نیە لەو شتانەی کە دەیکەن.

100. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ
إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی هەندێک لەوانە
بن کە کتێبی (ئاسمانییان) پێدراوە، دوای ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان هێناوە ،
دەتانگەڕێننەوە سەر ڕێبازی کوفرو بێ باوەڕی.

101. وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ
فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ : جا ئێوە چۆن کافر دەبن لەکاتێکدا کە ئایەتەکانی
خواتان بەسەردا دەخوێنرێتەوە و پێغەمبەرەکەی لەناوتاندایە (دوای وەفاتیشی
بەسیرەتی پاک و بێگەردی هەر لەناوماندایە) جا ئەوەی پشت بەخوا ببەستێت و
پەیڕەوی لە بەرنامەکەی بکات ، ئەوە بەڕاستی بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروست
هیدایەت دراوە.

102. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ : ئەی
ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، لە خوا بترسن و پارێزکاربن بەشێوەیەکی وا کە
شایستەی ئەو زاتەیە و هەمیشە پابەند و دامەزراو بن لەسەر ئیسلامەتی ، بۆ
ئەوەی هەر کاتێک مردن بە ئیمان و ئیسلامەتی نەبێت نەمرن.

103. وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ
أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ
فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ : (هەوڵ بدەن) هەر هەموتان
بە توندی دەست بگرن بە ئاینی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن، یادی نازو نیعمەتی خوا
بکەنەوە لەسەرتان ، (چونکە) کاتی خۆی دوژمنی یەکتر بوون، ئەوە بوو
دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلامەوە) پەیوەست کرد بەیەکەوە و هەموو بوونە
برای یەکتر (هەروەها ئەو کاتە) ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستا بوون و
(خەریک بوو بکەونە ناوی) ، بەڵام خوا (بەڕەحم ومیهرەبانی خۆی) لەو ئاگرە
ڕزگاری کردن، ئابەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، بۆ
ئەوەی هیدایەت وەربگرن.

104. وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ

وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ : پێویسته له ئێوه ئومەتێک پێک بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێک بن که بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکه، فەرمان بدەن بەهەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەک بکەن، ئا ئەوانه هەر سەرفرازن.

105. وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ : نەکەن وەکو ئەو کەسانه بن که ناکۆکی و دووبەرەکیان لەناودا بەرپابوو، لەیەکتر دابڕان ، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانه روونەیان بۆ هاتبوو (که سەرکەوتن له یەک ڕیزیدایه) ، ئا ئەوانه سزایەکی گەوره و سەخت چاوەڕێیانه.

106. يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكْفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ : ڕۆژێک دێت ڕووخسارانێک سپی دەبن و ڕووخسارانێک ڕەش هەڵدەگەڕێن ، جا ئەوانەی که ڕووخساریان ڕەش هەڵگەڕاوه (پێیان دەوترێت): باشه، ئەوه ئێوه پاش ئیمانداریی ، پەشیمان بوونەوه و ڕێبازی کوفرتان گرتەبەر؟! ده بچێژن سزاو ئازار بەهۆی کافر بوونتانەوه.

107. وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : بەڵام ئەوانەی ڕووخساریان سپی و گەش و جوانه لەناو ڕەحمەت و میهرەبانی خوادا ژیان دەبەنه سەر بۆ هەمیشه و بۆ هەتا هەتایی.

108. تِلْكَ آيَاتُ اللّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَمَا اللّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ : ئەوانه ئایەتەکانی خوای گەورەن که بەڕاست و دروستی بەسەرتا دەخوێنینەوه ئەی محمد ، خوایش هیچ ستەمی ناوێت و لای پەسەند نیه (له دروست کراوانی و) له هیچ خەڵکێک بکرێت.

109. وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ : هەرچی له ئاسمانەکان و هەرچی له زەویدا هەیه، هەر خوا خاوەنیانه و گەڕانەوەی هەموو شتێک هەر بۆ لای خوایه.

110. كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ : (بەراستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە ، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپەدەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بەخوا دەهێنن ، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهبارو تاوانکارن.

111. لَن يَضُرُّوكُمْ إِلاَّ أَذًى وَإِن يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الأَدُبَارَ ثُمَّ لاَ يُنصَرُونَ : هەرگیز ناتوانن زیان (لە بیرو باوەڕتان) بدەن مەگەر ئازارێکی کەم و ئەگەر بجەنگن دژتان پشتتان لێهەڵدەکەن و هەڵدێن ، لەوەودواش سەرکەوتوو نابن .

112. ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُواْ إِلاَّ بِحَبْلٍ مِّنْ اللّهِ وَحَبْلٍ مِّنَ النَّاسِ وَبَآؤُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَيَقْتُلُونَ الأَنبِيَاء بِغَيْرِ حَقٍّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ : (جوولەکە) زەلیلیی و ریسواییان بۆ بڕیاردراوە لە هەر کوێ جێگیر بن مەگەر لە سایەی ئاینی خوادا بحەوێنەوە و (زوڵمیان لێنەکرێت کاتێک ئیسلام فەرمانڕەوا بێت) یان بەخۆ هەڵواسین بەخەڵکیدا بۆ یارمەتیدانیان، یان پشتگرتنیان (لەو سەردەمانەدا کە ئیسلام فەرمانڕەوا بووە بەئاسوودەیی ژیاون، هەرچەندە لە ژێرەوە هەر خەریکی پیلانگێڕان بوون، لە سەدەی بیستەمیشدا توانییان ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێ وڵاتی تریش، بکەنە پشتیوان و داردەستی خۆیان). ئەوانە شایستەی خەشم و قینی خوا بوون زەلیلی و خەجاڵەتی بەشیانە، چونکە ئەوانە بڕوایان نیە بەئایەتەکانی خواو پێغەمبەرانیش بە ناحەق دەکوژن، ئەم یاخی بوون و سەرشۆڕیەیان، بەهۆی سەرپێچی و گوناهباریانەوەیە، ئەوانە هەمیشە لە سنوور دەردەچوون و دەردەچن.

113. لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ : گاور و جوو) هەموویان یەکسان و چوونیەک نین ، بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەک لە ئیماندارانیان هەن ، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو نوێژدەکەن و سوژدە دەبەن (موسڵمانن بەهەموو واتایەک).

114. يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَـئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ : ئەوانە ئیمان و باوەڕیان بەخواو بە رۆژی دوایی هەیە و فەرمان دەدەن بە چاکە و قەدەغەی خراپە دەکەن و بە پەلە و تاڵوکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەک، بێگومان ئەوانە لە ریزی چاکەکار و چاکەخوازاندان.

115. وَمَا يَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوْهُ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ : (ئەو ئیماندارانە) هەر چاکەیەک ئەنجام بدەن بەفیرۆ ناچێت، خوایش زانایە بە پارێزکارو دینداران.

116. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلاَ أَوْلاَدُهُم مِّنَ اللّهِ شَيْئًا وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ : بەڕاستی ئەوانەی کافرن هەرگیز ماڵ و منداڵیان فریایان ناکەوێت و لە دەست خەشم و قینی خوا رزگاریان نابێت ، ئەوان نیشتەجێی ناو دۆزەخن و تیایدا ژیانی هەمیشەیی دەبەنەسەر.

117. مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هِـذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللّهُ وَلَـكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ : نموونەی (ئەو ماڵ و دارایییەی کە) دەیبەخشن لەم دنیایەدا وەک رەشەبایەکی زۆر سارد وایە بدات بەسەر کێڵگەی کەسانێکدا کە ستەمیان لە خۆیان کردبێت (بە هۆی گوناهو تاوانەوە) ، هەمووی تیا بەرێت ، جا وەنەبێت خوا ستەمی لێکردبن بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە.

118. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لاَ يَأْلُونَكُمْ خَبَالاً وَدُّواْ مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاء مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الآيَاتِ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، بە کەسانێکی تر جگە لە خۆتان متمانە مەکەن و نهێنی خۆتان لایان مەدرکێنن ، چونکە ئەوان کۆڵنادەن لە دروستکردنی تەنگانەو گیرو گرفت و ناخۆشی بۆتان، ئاواتیان ئەوەیە دووچاری ئازارو کێشە ببن ، بەئاشکرا رق و کینە لە دەم و دونیاندا دیارە ، ئەوەی لە سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەوەی کە دەریدەخەن ، بێگومان ئێمە نیشانەو بەڵگەمان بۆ دیاری کردوون (تا دۆست لە دوژمن جیابکەنەوە) ، ئەگەر عەقڵ و

ژێریتان بخەنەکار.

119. هَاأَنتُمْ أُوْلاء تُحِبُّونَهُمْ وَلاَ يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ عَضُّواْ عَلَيْكُمُ الأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ قُلْ مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ: ئاگاداربن! ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێت، بەلاَم ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێت و باوەڕتان بەهەموو کتێبە ئاسمانیەکانیش هەیە (بەلاَم ئەوان باوەڕیان بە محمد و بە قورئان نیە) ، کاتێکیش پێتان دەگەن دەڵێن : ئێمە ئیماندارین بەلاَم کاتێک بە تەنها دەبن ، پەنجەی خۆیان دەگەزن ئەوەندە رق ئەستوور و داخ لە دڵن ، پێیان بڵێ : دەک بمرن لە داخا ، بەڕاستی خوا خۆی زانایە بەوەی کە لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە و (چاکتان دەناسێت).

120. إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ : ئەگەر چاکەیەکتان تووش بوو، یان خێرێک رووی تێکردن، ئەوان پێی غەمبار دەبن و پێیان ناخۆشە ، خۆ ئەگەر بەلاَو ناخۆشییەکتان بۆ پێش بێت، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن ، جا ئەگەر خۆگر بن و پارێزکار بن ، پیلان و تەڵەکەی ئەوانە هیچ زیانێکتان پێناگەیەنێت ، چونکە بەڕاستی خوا دەوری پیلان و پیلانیانی داوەو ئاگایە بە هەموو کارو کردەوەو نەخشەیەکیان.

121. وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّىءُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ : (لێرەوە قورئان لە غەزای ئوحود دەدوێت: یادی ئیمانداران بخەرەوە) کاتێک بەیانی زوو لە ماڵ دەرچوویت، شوێنی جەنگت بۆ ئیمانداران دیاری کرد (تیر ئەندازانی لەسەر گردەکە دامەزراندو فەرمووی پێیان: ئێمە سەرکەوتوو بووین، یان شکستمان هێنا، ئێوە شوێنی خۆتان بەجێ مەهێڵن) و شوێی تیریشی بۆ ئەوانی تر دیاری کرد، خوای گەورەش بیسەرە (بەگوفتارتان) زانایە (بە بیرو بۆچوونتان)...

122. إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلاَ وَاللّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ : ئەوسا خەریکبوو دوو دەستە لە ئێوە پەشیمان بنەوەو (لە نیوەی رێ بگەڕێنەوە) ، بەلاَم خوا یارو یاوەریان بوو (دڵیانی دامەزراندلەسەر فەرمانبەرداری) دەبا

ئیمانداران هەر پشت بە خوا ببەستن.

123. وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ : بێگومان خوا لە غەزای بەدردا سەرکەوتوی کردن، هەرچەندە ئێوە (لە ژمارە و چەکدا) لاوازو کەم بوون، دەی کەواتە لە خوا بترسن ، بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن.

124. إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلاَثَةِ آلاَفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُنزَلِينَ: (یادیان بهێنە) کاتێک بە ئیماندارانت دەوت: ئایا ئەوەندە بەس نیە کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە کۆمەکتان بکات و دایانبەزێنێت؟!

125. بَلَى إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَـذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلافٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُسَوِّمِينَ : بەڵێ ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزکار بن هەر ئێستا دێن بۆ لاتان و پەروەردگارتان پێنج هەزار فریشتەی نیشانەدارتان بۆ ڕەوانە دەکات، بۆ ئەوەی کۆمەکیتان بکەن.

126. وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ : جا ئەو (هاوکاری) فریشتانە لەلایەن خواوە تەنها مژدەیەک بوو بۆ ئێوە ، تادڵەکانتان پێی دامەزراوتر بێت ، ئەگینا سەرکەوتن تەنها لەلایەن خوای باڵادەست و داناوەیەو هەر ئەو دەیبەخشێت.

127. لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُواْ خَآئِبِينَ : (ئەو یاریدەی فریشتانە) لەبەرئەوە بوو کە: لایەک لە هێزی کافرەکان دابڕێت، تا سەرکوت و نابووتیان بکات و ئەوسا بە نائومێدیی و خەجاڵەتییەوە بگەڕێنەوە.

128. لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذَّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ : بێگومان تۆ هیچ شتێکت لە کاروباری بەندەکان بەدەست نیە (بەڵکو هەمووشت بەدەست خوا خۆیەتی) ئەگەر تەوبەو پەشیمانیان لێ وەربگرێت، یان سزاو ئازاریان بدات ، (سەربەستە) ، چونکە ئەوانە ستەمکارن.

129. وَلِلّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَاللّهُ

غَفُورٌ رَّحِيمٌ : هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە خوای گەورە خاوەنیانە ، لە هەر کەس بیەوێت خۆش دەبێت و (چاو پۆشیی زۆرە) ، هەرکەسیش (شایستەی سزابێت) سزای دەدات، خوای گەورەش لێخۆشبوو میهرەبانە.

130. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ الرِّبَا أَضْعَافًا مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ : (ئەم ئایەتە تێهەڵکێشی باسی غەزای ئوحود کراوە بۆ ئەوەی بسەلمێت کە ئەم ئاینە هەموو چەمکەکانی ژیان دەگرێتەوە ، بۆیە روو بەئیمانداران دەفەرموێت): ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە سوو بەچەند قات و چەند بەرامبەر مەخۆن (ئەمەش قۆناغێک بوو لە حەرامکردنی یەکجاریی) ، لە خوا بترسن ، بۆ ئەوەی سەرفراز بن.

131. وَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ : (هەولبدەن) خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە ئامادە کراوە بۆ کافرو بێ باوەڕان.

132. وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ : گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بن بۆ ئەوەی رەحمتان پێ بکرێت.

133. وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ : بەپەلە بن و پێشبڕکێ بکەن تا دەگەنە لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێک کە پانایییەکەی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران، (پێغەمبەریش دەفەرموێت: مەنزڵگای هەندێ دەبینن وەکو چۆن ئەستێرەی گەش دەبینن لە دوورەوە ، فەرموویانە ئەی پێغەمبەری خوا: رەنگە ئەوانە مەنزڵگای پێغەمبەران بن، فەرمویەتی: نەخێر، بەڵکو مەنزڵگای کاسانێکن کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، جا لەم سەردەمانەی دوایدا زانراوە ئەستێرەی چەندە گەورە هەیە کە خۆر لە ئاستیدا زۆر بچوکە چ جای زەوی!!)

134. الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاء وَالضَّرَّاء وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ : ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا ، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن ، رق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆگرن ، لە خەڵکی خۆش

دەبن و لێبووردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکارو چاکەخوازانی خۆش دەوێت.

135. وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ : ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێنک ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوەو سزای) خوا دێتەوە یادیان ، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن ، جا کێ هەیە کە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە).

136. أُوْلَـئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ : ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوون و لێبووردنە لە لایەن پەروەردگاریانەوە لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا کە چەندان رووبار بەژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنەسەر ، ئەم بەهرەیە پاداشتێکی زۆر چاکی کۆشکارانە (چونکە دوای تەوبەکەیان لە هەوڵ و کۆششی بەدەست هێنانی رەزامەندی خوادا دەبن).

137. قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذَّبِينَ : بەڕاستی پێش ئێوە چەندان یاساو بەرنامە تێپەڕیوە (لەلایەن خواوە کە سەرئەنجام ئیماندارانی سەرخستووە و کافرانی لەناو بردووە) دە ئێوەش بە زەویدا بگەڕێن و تەماشا بکەن و ئینجا سەرنج بدەن و وردببنەوە: بزانن سەرئەنجامی ئەوانە چۆن بووە کە بەرنامەی پێغەمبەرانی خوایان بە درۆ زانیوە.

138. هَـذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ : ئا ئەمەی کە باسکرا بەیاننامەو روونکردنەوەیە بۆ خەڵکی بە گشتی و رێنمووبەخش و ئامۆژگاریشە بۆ پارێزکاران بە تایبەتی.

139. وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ : (ئەی ئیمانداران) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرزو سەرفرازو

سەرکەوتووترن ئەگەر ئیمانداری چاک و ڕاست و دروست بن.

140. إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ وَتِلْكَ الأيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ : ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشیەک (لە جەنگی ئوحود)دا تووشی ئێوە هاتووە، ئەو خەڵکەش (لەجەنگی بەدردا) تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن، ئێمە ئەو ڕۆژگارانە دەستاو دەست پێ دەکەین لەناو خەڵکیدا (تا لە جیهانی واقعیشدا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات و هەندێکتان بکات بە شایەت و بە پلەی شەهیدی بگەن، بێگومان خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت.

141. وَلِيُمَحِّصَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ : بێگومان خوای پەروەردگار (تاقی کردنەوە پێش دەهێنێت) تا ئەوانەی ئیماندارن پاک و بێگەردیان بکات، کافرانیش نابووت و ریسوا بکات.

142. أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللّهُ الَّذِينَ جَاهَدُواْ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ : یان واگومانتان دەبرد (هەروا بەئاسانی) دەچنە بەهەشتەوە؟! کە هێشتا خوا (لە جیهانی واقعدا) دەریشی نەخستووە کامتان هەوڵ و کۆشش و جیهادی کردووەو کامتان خۆڕاگرو ئارامگر بووە...

143. وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ : لەڕاستیدا ئێوە ئاواتی مردنتان دەخواست پێش ئەوەی پێی بگەن (دەتانوت: کەی جەنگ دەبێت تا شەهید ببین) خۆ لە ڕاستیدا مەرگتان بەچاوی خۆتان بینی لە کاتێکدا ئێوە چاوەڕوانی مەرگ بوون.

144. وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ : (محمد) تەنها پێغەمبەرێک نەبووە وەفات بکات، بێگومان پێغەمبەرانی پێش ئەمیش (وەفاتیان کردووە) ، ئایا ئەگەر وەفاتی کردیان کوژراو شەهید بوو، ئێوە پاشگەز دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە؟! (لەو دین و ئاینەی کە پێی راگەیاندوون) خۆ ئەوەی هەڵگەڕێتەوە و پاشگەزبێتەوە ، ئەوە هەرگیز زیان بەخوا ناگەیەنێت، لە

داهاتویەکی نزیکدا خوای گەورە پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە.

145. وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ الله كِتَابًا مُّؤَجَّلاً وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ : هیچ کەسێکیش نامرێت مەگەر بەویستی خوا نەبێت، لە کات و وەختی دیاری کراودا (ئەمەش خۆی هاندەرێکە بۆ ئیماندار کە لە مەرگ نەترسێت) جا ئەوەی پاداشتی دنیای دەوێت هەندێکی پێدەبەخشین، ئەوەش پاداشتی قیامەتی دەوێت هەندێکی پێدەبەخشین، لە داهاتویەکی نزیکیشدا پاداشتی سوپاسگوزاران دەدەینەوە.

146. وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُواْ لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا اسْتَكَانُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ : چەندەها پێغەمبەر هەبوون کە خواناس و پیاوچاکانی زۆر لەگەڵیدا بوون و دژ بە دوژمنان جەنگاون ، جا ئەوانە هیچ کات سستی و بێزاری و بێتاقەتی رووی تێنەکردوون بەهۆی ئەوەی کە تووشیان هاتووە لە پێناو رێبازی خوادا، لاوازو بێ هێزو سەرشۆریش نەبوون بۆ دوژمنان، خوای گەورەش ئەو ئارامگرو خۆڕاگرانەی خۆشدەوێت.

147. وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلاَّ أَن قَالُواْ ربَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ : ئەوکاتە گوفتاریان تەنها ئەمە بووە کە وتویانە: پەروەردگارا لە گوناهو هەڵەکانمان ببورەو لە زیادەڕەوی کاروبارمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر ئەم گەلە بێ باوەڕەدا.

148. فَآتَاهُمُ اللّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الآخِرَةِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ : ئەوسا ئیتر خوا پاداشتی دنیای پێبەخشین (بەسەرکەوتن و پایەداریی) پاداشتی چاکی قیامەتیشی بۆ مسۆگەر کردن و خوا ئەو چاکەکارانەی خۆش دەوێت.

149. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەوانە بن کە کافر و بێ دینن، ئەوە بەرەودوا دەتانگێڕنەوە و پاشگەزتان دەکەنەوە و لە دین وەرتاندەگێڕن، ئەوسا ئیتر بە دۆڕاوی دەگەڕێنەوە.

150. بَلِ اللّهُ مَوْلاَكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ : (دڵنیابن که خوانەناسان یارو یاوەری ئێوە نین) بەڵکو خوا یارو یاوەرتانە ، بێگومان ئەو زاتە چاکترین پشتیوان و یاریدەدەرتانە.

151. سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ : (ئەی گرۆی ئیمانداران دڵنیابن) کە لەمەودوا ئێمە: ترس و بیم فڕێ دەدەینە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕن ، بەهۆی شەریک و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیارداوە بێ ئەوەی خوا هیچ دەسەڵاتێکی پێدابن (بۆ دانانی هاوەڵگەری) ، ئەوانە سەرەنجامی گەڕانەوەیان ئاگری دۆزەخە کە چەند ناخۆش و خراپە جێگەی ستەمکاران.

152. وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ : سوێند بێت، خوا بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بەڕاستی بردەسەر (لەسەرەتای جەنگی ئوحود)دا، هەر بەمۆڵەت و یارمەتی ئەو ، (دوژمنانتان) بەگیر هێناو تێکتان شکاندن ، هەتا ئەو کاتەی کە ساردیی رووی تێکردن و بوو بە کێشەتان لەسەر هەندێک شت و یاخی بوون (لە فەرمانی پێغەمبەر سەنگەرتان چۆڵ کرد) دوای ئەوەی هەندێک شتی نیشاندان کە حەزتان لێدەکرد، هەتانە دنیای دەوێت و هەتانە قیامەتی مەبەستە، لەوەودوا دەستی ئێوەی کۆتاکرد (لە دوژمنان) تا تاقیتان بکاتەوە ، سوێند بێت ، بەڕاستی خوا چاوپۆشی لێکردن و لێتان خۆشبوو و خوا فەزڵ و ڕێزی هەیە بۆ ئیمانداران.

153. إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَى أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غُمَّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ : ئیتر ئەوە بوو کە (بەگیرهاتن و کشانەوە و شپرزە و پەرت و بڵاوبوون) خۆتان هەڵدەگێڕا بەکێوی ئوحود و دەورو بەریدا ئاوڕتان لە کەس نەدەدایەوە ، لەکاتێکدا پێغەمبەریش بەدواتاندا بانگی دەکردن لە لاکەی ترەوە : (ئەی بەندەکانی خوا بگەڕێنەوە و رامەکەن) ، جا ئەوەبوو ئێوە خەم و خەفەتتان کردە دڵی پێغەمبەرەوە

(به نافەرمانیتان خوای گەورەش) خەم و پەژارەی کردە دڵی ئێوەوە (بەدەنگو باسی بریندار بوونی پێغەمبەرو شەهید بوونی) تاوەکو خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی لە دەستتان چووە و ئەوەش کە خوا تووشی کردوون و بەسەری هێنان (دیارە هاوەڵان پێغەمبەریان لەخۆیان و لەهەموو شت لاخۆشەویستتر بووە) خواش ئاگادارە لەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

154. ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّن بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَى طَآئِفَةً مِّنكُمْ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الأَمْرِ مِن شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ يُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لاَ يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحَّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ : پاشان ، دوای ئەو غەم و پەژارەیە ئارامیی و هێمنیی بەسەردا دابەزاندن کە وەنەوزێک بوو دەستەیەکتانی داگرتبوو ، دەستەیەکی تریش بەڕاستی خەمی خۆیان بوو ، گومانی ناڕەوایان دەبرد بەخوای گەورە بە گومانی نەفامانە ، دەیانوت: ئایا ئێمە لەم کارەدا (لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن) هیچ شتێکمان هەیە؟! (ئەوپشتیوانەی کە خوا بەڵێنی پێدابووین بۆ نەهات؟!) ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: بێگومان هەموو شتێک بەدەست خوایە ، ئەوانە هەندێک شت دەشارنەوە لە دەروونی خۆیاندا و بۆ تۆی دەرناخەن ، هەروەها دەڵێن: ئەگەر (بەڵێنی سەرکەوتن ڕاست بوایە) ئێمە شتێکمان بەدەست بوایە ئالێرەدا نەدەکوژراین!! پێیان بڵێ: ئەگەر لەماڵی خۆشتاندا بوونایە ، ئەوانەی کە بڕیارە بکوژرانایە ، دەبوا هەروایان بەسەر بهاتایەو لە شوێنی کوژرانیاندا ڕاکشانایە بێگومان خوا ئەم شتانەتان بەسەر دەهێنێت تا ئەوەی لە دەروونتاندا هەیە تاقی بکاتەوە و چی لەدڵەکانتاندا هەیە خاوێنی بکاتەوە و حەقیقەتی دەربخات، ئەو خوایەش زانایە بەوەی کە لە ناخی سینەکاندا حەشار دراوە.

155. إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُواْ وَلَقَدْ عَفَا اللّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ : بێگومان ئەوانەی پشتیان هەڵکرد (لە غەزای ئوحود) لە ڕۆژی بەیەکگەیشتنی هەردوو ئۆردوو (ئۆردووی ئیمانداران و ئۆردووی بێ باوەڕان) ، ئەوانە تەنها شەیتان تووشی هەڵەی کردن لە خشتەی بردن

بەهۆی هەندێک گوناهەوە کە ئەنجامیان دابوو، بەڕاستی خوا لێیان خۆشبوو چونکە بێگومان خوا لێخۆشبووە (لە گوناهەکەتان) و ئارامگرو خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لە یاخی بوان ناسێنێت).

156. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِي الأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ اللّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ يُحْيِـي وَيُمِيتُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە وەکو ئەوانە مەبن کە بێ باوەڕ بوون، لەکاتی سەفەر بەسەر زەویدا ، یاخود کاتی جەنگ ، بەبرایانی (هاوبیریان) دەوت: ئەگەر لای ئێمە بوونایە نە دەمردن ، نە دەکوژران!! بۆ ئەوەی خوا ئەوە بکاتە خەفەت و ناخۆشی لە دڵیاندا، خۆ هەر خوا ژیان بەخشە و مرێنەرە ، خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

157. وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ : خۆ ئەگەر بکوژرێن لە پێناوی خوادا یاخود بمرن ، لێخۆش بوون لەلایەن خواوە هاوڕێ لەگەڵ ڕەحمەت ، چاکترە لەوەی کە خەڵکی کۆی دەکەنەوە.

158. وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لإِلَى الله تُحْشَرُونَ : سوێند بێت ئەگەر بمرن یان بکوژرێن هەر بۆ لای خوا کۆ دەکرێنەوە.

159. فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ : کەوابوو (ئەی محمد بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بویت لەگەڵیاندا ، خۆ ئەگەر تورەو قسە ڕەق و بێ بەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد، کەواتە چاوپۆشیان لێبکە و لێیان ببورەو داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە، لە کارو پێشهاتدا پرس و رایان پێ بکە، (دوای مەشۆرەت و پرس و ڕا) ئەگەر بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بە خوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن.

160. إِن يَنصُرْكُمُ اللّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن

بَعْدِهِ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكِّلِ الْمُؤْمِنُونَ : ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت ئەوە هیچ کەس ناتوانێت سەرکەویێت بەسەرتاندا، خۆ ئەگەر پشتتان بەربدات، ئەوە کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکات و سەرتان بخات، دە با ئەوانەی ئیمانداران هەر پشت بەخوا ببەستن.

161. وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ : (هەندێک گومانیان برد کە پێغەمبەر لە دابەشکردنی دەسکەوتدا نادادیی دەکات) بێگومان بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە کە نادادی و خیانەت بکات، هەر کەس ناحەقی و نادادی بکات لە رۆژی قیامەتدا نادادیەکەی (یەخەی پێ دەگرێت و) بەکۆڵیەوەیەتی، لەوەودوا پاداشتی هەر کەسێک بەگوێرەی کردەوەکانی دەدرێتەوە و ئەوانە ستەمیان لێناکرێت.

162. أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللّهِ كَمَن بَاء بِسَخْطٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ : ئایا ئەو کەسەی (بە پەرستن و چاکەکاری) شوێنی رەزامەندیی خوا کەوتبێت، وەکو ئەو کەسە وایە (کە بەهۆی گوناهو تاوانەوە) شایستەی خەشم و قینی خوا بێت؟ بێگومان شوێنی ئەو جۆرە کەسانە دۆزەخە کە سەرەنجامێکی ناخۆشە.

163. هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللّهِ واللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ : هەریەک لەو (دوو دەستەیە) پلەو پایەی خۆی هەیە لای خوا (لە بەهەشتی بەریندا یاخود لە ناخی دۆزەخدا) ، بەراستی خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

164. لَقَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَى الْمُؤمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ : سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێک پێغەمبەرێکی بۆ رەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروونیان پاک و پوخت دەکاتەوە ، هەروەها فێری قورئان و دانایان دەکات ، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا رۆچوو بوون.

165. أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَـذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ

أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : ئایا کاتێک بەڵاو ناخۆشیەکتان تووشهات (لە جەنگی ئوحود) دا بۆ دەڵێن: ئەمە چی بوو؟ بۆ وامان بەسەر هات؟ لەکوێوە ئەمەمان بۆهات؟ (ئەی بۆ لەیادیان چوو، خۆ لە جەنگی بەدردا) بەڕاستی ئێوە دووئەوەندەتان بەوان کرد؟! ئینجا پێیان بڵێ: ئەو بەڵایە لەلایەن خۆتانەوە توشتان هات (کاتێک نافەرمانی پێغەمبەرتان کردو تەماعی دنیا لە دەروونتاندا جووڵا) بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، (بەندە چاکەکانیشی کاتێک هەڵە بکەن تووشی بەڵایان دەکات)...

166. وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللّهِ وَلِيَعْلَمَ الْمُؤْمِنِينَ : ئەوەش کە تووشتان بوو لە ڕۆژی بەیەک گەیشتنی هەردوو ئۆردووەکە (لە جەنگی ئوحود) دا ئەوە بە فرمان و ویستی خوا بوو، تا ئیمانی باوەڕداران دەربخات...

167. وَلْيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُواْ وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ قَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوِ ادْفَعُواْ قَالُواْ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لاَّتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ : دووڕوویی و نالەباریی دووڕووەکانیش دەربخات، کاتێک پێیان وترا: وەرن بجەنگن لە پێناوی خوادا، یان (هیچ نەبێت) بەرگری لە خۆتان و ماڵ و منداڵتان بکەن، وتیان :ئەگەر بمانزانیایە شەڕو جەنگ بەرپا دەبێت ئەوە شوێنتان دەکەوتین و دەجەنگاین ، ئەوانە ئەو ڕۆژە لە کوفرەوە نزیکترن تا لە ئیمان، بەدەمیان شتێک دەڵێن کە لە دڵ و دەروونیاندا نی یە، خوایش زانایە بەوەی کە دەیشارنەوە...

168. الَّذِينَ قَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : ئەوانەی بۆی دانیشتن و (نەچوون بۆ جەنگ) بەبراکانی خۆیانیان وت: ئەگەر ئەوانە (واتە شەهیدان) بەقسەی ئێمەیان بکردایە نە دەکوژران ، ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: دەی کەواتە مردن لە خۆتان دوور بخەنەوە ئەگەر ڕاست دەکەن؟!

169. وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ : هەرگیز وامەزانن و وادامەنێن ئەوانەی لەپێناوی خوادا شەهید بوون و کوژران، مردوون، نەخێر وانیە، بەڵکو ئەوانە زیندوون، لای پەروەردگاریان لە ڕزق و ڕۆزیی

(هەمە جۆرو تایبەت) بەهرەوەرن.

170. فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُواْ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلاَّ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ : زۆر دڵخۆش و شادمانن بەو بەخشش و زیادە فەزڵەی کە خوا پێی بەخشیوون ، مژدەش دەدەن بەوانەی هێشتا بەوان نەگەیشتوون و (شەهید نەبوون) کە بێگومان هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نی یە، هیچ غەم و پەژارەیەکتان بۆ پێش نایەت (لە بەجێ هێشتنی دنیا).

171. يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ : مژدە دەدەن بەنازو نیعمەتانی تایبەتی و فەزڵ و ڕێزی بێ سنوور لەلایەن خوای میهرەبانەوە، بەڕاستی خوایش پاداشتی ئیمانداران زایە ناکات و (ڕەنج بەخەسار نابن)...

172. الَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِلّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُواْ مِنْهُمْ وَاتَّقَواْ أَجْرٌ عَظِيمٌ : ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی خواو پێغەمبەرەوە چوون، دوای ئەوەی کە تووشی ناخۆشی و زام و ئێش بوون، بۆ ئەوانەیان کە چاکەیان کردو پارێزکار بوون، پاداشتی زۆر گەورە و بێ سنوور ئامادەیە...

173. الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُواْ لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ : ئەوانەی کە خەڵکی (باوەڕ لاوان) پێیان دەڵێن: بەڕاستی خەڵکی بێ باوەڕو خوانەناس خۆیان بۆ ئێوە کۆ کردۆتەوە و خۆیان بۆ ئێوە مەڵاس داوە، لێیان بترسن (خۆتان تووشی بەڵا مەکەن) بەڵام ئەوان (واتە ئیمانداران بەو پڕوپاگەندەیە) باوەڕیان زیاتر دامەزراو، وتیان: خوامان بەسە کە یاریدەدەرو یارمەتیدەرێکی چاکە.

174. فَانقَلَبُواْ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُواْ رِضْوَانَ اللّهِ وَاللّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ : ئەوسا ئیتر موسوڵمانان گەڕانەوە هاوڕێ لەگەڵ فەزڵ و نازو نیعمەتی خوایی دا، هیچ ناخۆشیەکیشیان بۆ پێش نەهات، چونکە شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتبوون و (هەر ئەوەشیان مەبەست بوو) ، خوای گەورەش هەر

خۆی خاوەنی فەزڵ و ڕێزێکی زۆر گەورەیە.

175. إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ :
ئەوە بەڕاستی تەنها شەیتانە یاوەرەکانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بەڵکو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن (بێگومان ترسان لە خوا ئاسوودەیی و ئارامیی دەبەخشێت بە ئیمانداران).

176. وَلاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّواْ اللّهَ شَيْئاً يُرِيدُ اللّهُ أَلاَّ يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ : (ئەی پێغەمبەر) ئەوانەی کە پێشبڕکێ دەکەن لە بێ باوەڕیدا خەمبارت نەکەن، چونکە بەڕاستی ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێک بەخوا ناگەیەن، خوا دەیەوێت هیچ بەشێکیان لە قیامەتدا پێ نەبەخشێت، سزای سەخت و زۆر ناسۆریش بۆیان ئامادەیە.

177. إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ لَن يَضُرُّواْ اللّهَ شَيْئًا وَلهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ :
بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕییان هەڵبژارد لەجیاتی ئیمان، بێ باوەڕییان کڕی لەجیاتی باوەڕ، بەهیچ جۆرێک زیان بەخوا ناگەیەنن بەڵکو سزای بەئێش چاوەڕێیانە.

178. وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُواْ إِثْمًا وَلَهْمُ عَذَابٌ مُّهِينٌ : ئەوانەی ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر ، وا گومان نەبەن کە مۆڵەتمان داون و (نازو نیعمەتی دنیامان پێبەخشیوون) ئەوە خێرە بۆیان، ئێمە تەنها بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا زیاتر گوناهبار ببن و سزایەکی ریسواکەر چاوەڕێیانە.

179. مَّا كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللّهَ يَجْتَبِي مِن رُّسُلِهِ مَن يَشَاء فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَإِن تُؤْمِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ : خوا ئیمانداران واز لێناهێنێت هەر وەکو ئەوەی کە ئێستا ئێوەی لەسەری هەن (دڵسۆزو نادڵسۆز، خەمخۆرو بێ باک تێکەڵن) ، هەتا پیس و پاک لەیەک جیانەکاتەوە (بەهۆی جۆرەها تاقی کردنەوە و پێشهاتەوە) ، بێگومان خوا جیهانی شاراوەتان نیشان نادات (تا ئاییندە بزانن) ،

بەڵکو خوا لە پێغەمبەرەکانی کەسانێک هەڵدەبژێرێت کە بیەوێت (تا لە هەندێک نهێنی ئاگاداربن بەو رادەیەی کە پێویستە) ، جا باوەڕ بەخواو پێغەمبەرانی بهێنن، خۆ ئەگەر باوەڕی دامەزراو بهێنن و پارێزکاری بکەن و لە خوا ترس بن ، ئەوە پاداشتی بێ سنوور و نەبڕاوە چاوەڕێتانە.

180. وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ: واگومان نەبەن ئەوانەی کە بەخیلی و ڕەزیلی دەکەن، لەو نازو نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیوون، نابەخشن، کارێکی چاکە بۆیان، نەخێر ئەوە کارێکی خراپ و نادروستە بۆیان، چونکە ئەو شتانەی کە نەیاندەبەخشی لە ڕۆژی قیامەتدا دەست دەنێتە بینیان و دەبنە کۆت لە گەردنیاندا، (بێگومان) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانەو خوا ئاگایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن.

181. لَّقَدْ سَمِعَ اللّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاء سَنَكْتُبُ مَا قَالُواْ وَقَتْلَهُمُ الأَنبِيَاء بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُواْ عَذَابَ الْحَرِيقِ : سوێند بێت بێگومان خوای پەروەردگار گوفتاری (نابەجێی) ئەو (جولەکانەی) بیست کە وتیان: خوا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین!! ئێمە ئەو گوفتارانە یاداشت و تۆمار دەکەین لەسەریان، هەروەها کوشتنی پێغەمبەران بە دەستی ئەوان بە ناحەق ، (لە دۆزەخیشدا) پێیان دەڵێین: بچێژن سزای ئاگری سوتێنەر...

182. ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ : ئەو سزایە لە دەرەنجامی دەست پێشخەری خۆتاندایە، چونکە بەڕاستی خوا هیچ جۆرە ستەمێک لە بەندەکان ناکات.

183. الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلاَّ نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىَ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ : (ئەو جوولەکانەی) دەڵێن: خوا پەیمانی داوە بە ئێمە کە بە هیچ پێغەمبەرێک باوەڕ نەکەین تاقوربانیەکمان بۆ نەهێنێت و (نەیبینین) ئاگر دەیخوات و دەیسوتێنێت و لە ناوی دەبات، (ئەی محمد) پێیان بڵێ: خۆ ژمارەیەک پێغەمبەر لە پێش منەوە

ڕەوانەکران بۆتان بەچەندەها بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە و بەو داخوازیەشەوە کەوتتان، جا بۆ کوشتانن و (شەهیدتان کردن) ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟!

184. فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآؤُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ : خۆ ئەگەر بڕوایان پێنەکردیت، ئەوە بەڕاستی زۆرێک لە پێغەمبەرانی پێش تۆ بڕوایان پێ نەکراوە هەرچەندە جۆرەها موعجیزە و نامەی پڕ لە ستایش و ئامۆژگاری و کتێبی ڕووناککەرەوەیان هێنابوو.

185. كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ : هەموو کەسێک دەبێت بمرێت و مردن بچێژێت، تەنها لە ڕۆژی قیامەتدا کرێ و پاداشتان بەتەواوی پێ دەدرێت (دەرئەنجامی کردەوەکانتان دێتەوە ڕێتان) ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دنیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نیە.

186. لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ أَذًى كَثِيرًا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ : سوێند بێت بێگومان تاقی دەکرێنەوە لە ماڵ و دارایی و خۆیشتاندا (زیان لە سامانندا دەکەن، خۆتان توشی ناخۆشی و ئازار دەبن) هەروەها سوێند بێت لە خاوەنانی کتێبی پێش خۆتان و لە موشریک و هاوەڵگەرانەوە ئازارێکی زۆر دەبیسن (ئەوەندە بوختان و قسەی نابەجێتان بۆ هەڵدەبەستن ، وەک ئازار بەرگوێتان بکەوێت وایە) ، بەڵام ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزکار بن و لە خوا بترسن (لە سنوور دەرنەچن) ، بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لەکارە پەسەندو کردەوە پایەدارەکانە.

187. وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاء ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْاْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ : یاد بێنەوە) کاتێک خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کتێبیان پێ بەخشراوە کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی و مەرامەکانی باس بکەن و نەیشارنەوە ، کەچی خستیانە پشت خۆیان و بە نرخێکی هەرزان فرۆشتیان (ئەگەر هەموو دنیاش بێت ، دینی بۆ بفرۆشی هەرزان فرۆشراوە و

زەرەریکی بێ سنووره) ئای کە شتێکی بێ نرخیان کڕیوه و دەستیان کەوتووه.

188. لاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَواْ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ فَلاَ تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِّنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ : وا گومان مەبە بەوانەی دڵخۆشن بەوەی کە هەیانەو حەزدەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکات لەسەر کارو چاکەیەک کە نەیانکرووە، ئەوە هەرگیز وامەزانە ئەوانە لە دەست سزا رزگاریان دەبێت، بەڵکو سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە.

189. وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە و ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

190. إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ : بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند...

191. الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ : ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان راکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەرمۆش ناکەن) ، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەک ، سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.

192. رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ : پەروەردگارا بەڕاستی تۆ هەرکەس بخەیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوە ئیتر شەرمەزارو ریسواو خەجاڵەتت کردووە ، (جا بێگومان لەوێ) ستەمکاران هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە.

193. رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا

وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ : پەروەردگارا؛ بەڕاستی ئێمە گوێمان لە بانگخوازێک بوو ، بانگی کردین بۆ ئیمان و (دەیفەرموو) : ئیمان بهێنن بە پەروەردگارتان جا ئێمەش (بێ دوودڵی) ، خێرا باوەڕمان هێناو (وتمان): پەروەردگارا؛ دەتۆش لەگوناهو هەڵەکانمان خۆش ببە، چاوپۆشی بکە لەکردارە ناپەسەندەکانمان و (لەسەر ڕێبازی) چاکان و (بەختەوەران) نمانمرێنە و لەگەڵ ئەواندا کۆمان بکەرەوە.

194. رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلاَ تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الْمِيعَادَ : پەروەردگارا؛ ئەو بەڵێنانەشمان بۆ ئەنجام بدە کە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەتدا بەئێمەت داوە (کە سەرکەوتنە لە دنیاداو بەهەشتی بەرینە لە داهاتوودا) و لە ڕۆژی قیامەتیشدا خەجاڵەت و ڕوو زەردمان مەکە، بێگومان تۆ بەڵێن شکێن نیت و بەڵێنی خۆت دەبەیتە سەر.

195. فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُواْ وَقُتِلُواْ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ: (کاتێک ئیمانداران بەم شێوەیە نزایان کرد، کە پەروەردگاری ئازیزیان فێریان دەکات) بێگومان ئەو زاتە دوعاکانیان لێوەردەگرێت (بە هاناو هاواریانەوە دەچێت بۆیە دەفەرموێت) : بەڕاستی من هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوەی هیچ کام لە ئێوە بەزایە نادەم، چ نێرینە و پیاوتان، چ مێینە و ئافرەتتان (چونکە) هاوکاری یەکتر بوون (لە چاکەو چاکەکاریدا) ، جا ئەوانەی کۆچیان کردو لە شوێنەواری خۆیان دەربەدەرکران و ئازارو ئەشکەنجەدران لە پێناوی مندا و جەنگان و شەهیدکران ، بەڕاستی سوێند بێت چاوپۆشی دەکەم لە هەڵەو گوناهەکانیان و دەیانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیداو بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، ئەمەش پاداشتێکە لە لایەن خواوە (پێشکەشیان دەکرێت) خوا پاداشتی چاک و جوانی لایە (بۆ تێکۆشەران).

196. لاَ يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي الْبِلاَدِ : (ئەی ئیماندار) هەرگیز هێزو دەسەڵاتی ئەوانەی بێ باوەڕن لە وڵاتاندا تۆ لە خشتە نەبات.

197. مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ : (ئەوە هەرهەمووی) رابواردنێکی
کەمە (چونکە) لەوەودوا شوێن و جێگەیان دۆزەخە ، کە ناخۆشترین جێگە و رێگەیە.

198. لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلاً
مِّنْ عِندِ اللّهِ وَمَا عِندَ اللّهِ خَيْرٌ لِّلأَبْرَارِ : بەڵام ئەوانەی کە پارێزکارن و لە سزای
پەروەردگاریان دەترسن (جێگە و رێگەیان) باخەکانی بەهەشتە کە چەندەها رووبار
بەژێر درەختەکانیداو بەبەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات ، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی
هەمیشەیی لەوێدا ، ئەو شوێنانەش لەلایەن خواوە ئامادەکراوە، بۆ میوانداری
هەمیشەیی بەختەوەران ، ئەڵبەتە ئەوبەشەی کە لای خوایە چاکترو بەنرخترە بۆ
چاکەکاران و خواناسان.

199. وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ
لِلّهِ لاَ يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللّهِ ثَمَنًا قَلِيلاً أُوْلَـئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللّهَ سَرِيعُ
الْحِسَابِ: بەڕاستی هەندێ کەس هەن لە خاوەنانی کتێب کە باوەڕی پتەو و
دامەزراوە، هەروەها بەو (قورئانەش) کە بۆ ئێوە رەوانەکراوە و بەو کتێبانەش بۆ
خۆیان پێشتر رەوانە کراوە ، لەکاتێکدا ئەوانە ترسی خوایان لە دڵدایە و
مەبەستیانە خوا لێیان رازی بێت ، ئایەتەکانی خوا بەنرخێکی کەم (یاخود بەهیچ
نرخێک) نافرۆشن، ئەوانە پاداشتی (ئیمان و باوەڕی) خۆیان لای پەروەردگاریان
وەردەگرن ، بەڕاستی خوا بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات (تا بەزوویی
بەختەوەران بخاتە بەهەشتەوە و ناپوختەکانیش لە دۆزەخ توند بکات).

200. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ :
ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆگربن و خۆڕاگریی و ئارامگریی بەسەر
خۆتاندا بهێنن، نەبەزن لە خۆگری مانەوەتان لە سەنگەردا، هەوڵ بدەن هەمیشە لە
سەنگەری خەبات و کۆششدا بن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن بۆ ئەوەی سەرفرازیی
(هەمیشەیی) بەدەست بهێنن.